# حوكمی ئەو ڕۆژووەی کە لەبەر نەزانین و جەهل نەگیراوە

[ کردي – کوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حكم قضاء الصوم للمرأة التي لم تصم بجهل

« باللغة الكردية »


فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# حوكمی ئەو ڕۆژووەی كە لەبەر نەزانین و جەهل نەگیراوە

السلام علیكم ورحمة اللـه وبركاتـه، من دایكم موالیدی (١٩٦٤) ـە، لەساڵی (١٩٨٠) ـەوە بۆ ساڵی (١٩٨٩) ڕۆژووی نەگرتووە، ئەو كات ماڵمان لەلادێ بووە، نەیزانیوە كە ڕۆژوو فەرزە، یان سوننەتە، وە هەروەها ڕێگەشیان پێ نەداوە ڕۆژوو بگرێت، وە ئەگەر ڕۆژوی بگرتایە گاڵتەیان پێ دەكرد، ئایا ئێستا ڕۆژووی لەسەرە بیگرێتەوە، وە ئایا ئەگەر گرتیەوە فدیەشی لەسەر واجب دەبێت ؟ تكایە وەڵامان بدەنەوە .

وەڵام : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

بەڕێزم : ڕای ڕاست ودروست لەنێو ووتەی زانایاندا لەم مەسئەلەیەدا ئەوەیە كە دایكت واجب نییە لەسەری كە قەزای ڕۆژووی ئەو ساڵانە بكاتەوە كە فەوتاون و نەیگرتوون، چونكە دایكت خاوەنی عوزرە و نەیزانیوە كە خوای گەورە تەكلیفی لێ

کردووە بە ڕۆژوو گرتن، لەو سەردەمەشدا وەك ئێستا بانگەواز و بانگخوازان بڵاو نەبووبونەوە بەگشت گوند ولادێکانی کوردستاندا، هەروەها زانایان دەڵێن ڕۆژووگرتن عیبادەتێکە وپەیوەیستە بەکاتێکی دیاری کراو لەهەموو ساڵێکدا، بۆیە هەرکەسێك بەبێ عوزرێك لەو عوزرانەی کە لەقورئان وسوننەتدا باسکراون، ڕۆژووی نەگرت، وەك عوزری سوڕی مانگانەی ئافرەتان، یان منداڵ بوون، یان نەخۆشی، یان سەفەرکردن، ئەوە بەکەسێکی گوناهبار دادەنرێت وگوناهێگی گەورەی کردووە، وە ناشکرێت قەزای بکاتەوە چونکە کاتەکەی بەسەرچووە، بۆیە دایکت دەبێت تەوبەیەکی باشی لێ بکات و زۆر داوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە بکات، ولەبری ئەوە ڕۆژووی سوونەت زۆر بگرێت و صەدەقە وخێری بەردەوام بکات، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ﴾ [ هود :١١٤] واتە : بەڕاستی کردەوە چاکەکان کردارە خراپەکان لادەبات و گوناهەکان دەشۆنەوە .

هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « التائب من الذنب كمن لا ذنب له » [ رواه ابن ماجه، وحسنه الألباني في صحيح ابن ماجه (٣٤٢٧) وصحيح الترغيب وصحيح الجامع (٦٨٠٣ ) ( ٣٠٠٨)] واتە : تەوبەكار لەگوناهو وتاوانێك، وەك ئەو كەسە وایە كە گوناهی نەكردبێت .

لەفەرموودەیەكی تردا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « اتّقِ اللّهَ حَيْثُمَا كُنْتَ، وَأَتْبِعِ السّيّئَةَ الحَسَنَةَ تَمْحُهَا، وَخَالِقِ النّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ » [أخرجه الترمذي كتاب: البر والصلة، باب: ما جاء في معاشرة الناس، (١٩٨٧). والإمام أحمد- في مسند الأنصار عن أبي ذر الغفاري، ج٥/ ص١٥٣، (٢١٦٨١) ] .

واتە : لەخوای گەورە بترسە وتەقوای خوات هەبێت لەهەركوێ ولەهەرجێگایەك بوویت، وبەدوای هەموو گوناهو تاوانێكدا چاكە وخێر وصەدەقە بكە دەیسڕێتەوە، وە لەگەڵ خەڵكیدا بە ڕەوشت وكرداری جوان هەڵسوكەوت بكە .

نەك هەر هێندە بەڵكو خوای گەورە خراپە وتاوانی ئەو کەسانەی کە تەوبە دەکەن و کاروکردەوەی باش وجوان ئەنجام دەدەن خراپەکانیان بۆ دەگۆڕێت بە حەسەنات وکردەوەی چاکە، خوای گەورە لەبارەی ئەم کەسانەوە فەرموویەتی : ﴿ إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ [الفرقان : ٧٠] واتە : مەگەر ئەو کەسەی تەوبە بکات و باوەڕ بهێنێت وکار وکردەوەی چاکە ئەنجام بدات، ئا ئەو جۆرە کەسانە خوا کار و کردەوە خراپەکانیشیان بۆ دەگۆڕێت بە چاکە، چونکە هەمیشە و بەردەوام خوا لێخۆشبوو میهرەبانە

دیارە نەگرتنی ڕۆژووش لەکاتی خۆیدا تاوان و گوناهە، بۆیە چاکە وکاری خێر لەهەموو جۆرێك وەك یادی خوای گەورە زۆر کردن، یان گرتنی ڕۆژووی سوونەت، یان یارمەتیدانی هەتیوان وهەژاران، یان شەو نوێژکردن، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی سڕینەوەی تاوان وگوناهەکان بە یارمەتی خوای گەورە .

بۆیە برای بەڕێزم ئەوەی ڕابوورد ڕۆیشت، بەڵام ئەوەی لەسەر دایکت واجبە، وەك ئامازەمان پێدا تەوبەیەکی باش بکات وزۆر (أستغفر الله) و داوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە بکات، وکاروکردەوەی باش بکات لە صەدەقە وخێر وحەسەنات و ڕۆژووی سوننەت وشەونوێژ ئەنجام بدات، خوای گەورەش زۆر بەڕەحم ومیهرەبانە، وإن شاء الله لێی خۆش دەبێت .

ئەمەش ڕای  لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوە و فەتوادانە لە شانشینی عەرەبستانی سعودیە، کە لەفەتوای ژمارە (٣١٢٢) دا تەئکیدیان لەسەر ئەم مەسئەلەیە کردۆتەوە .

خوای گەورە زاناو شارەزاترە .